# گەنج لە نێو هاوکێشەکانی ژیاندا

لە کۆمەڵگایەکدا کە تازە لەسەرە ڕێی کرانەوە و پەیبردنن بە پێشکەوتن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی کێشەکان و پەراوێز خستنی گەنج، ئەمەش بە سەرەتایەکی خەتەرناك دادەنریت بۆ داهاتەی ئەم وڵاتە، ئایە ئەم پەراویزخستنە لە چیەوە سەرچاوەی گرتوە؟، بڵێی کاریگەری ململانێی نەوەکان بێت، کە ئەمەش پێشینەیەکی دوری هەیە و لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا ئەم ململانێیە بونی هەبووە، یاخود حاڵەتێکی لێکتێنەگەشتنە کە ئەمرۆ سەراپای تێڕوانینەکانی گرتۆتەوە، ئایە گرفتێك هەیە لە نێوان گەنج و دەسەڵاتدا؟، یاخود دیسانەوە نا تێگەشتنێك هەیە، ئەرکی دەسەڵات چیە لە بەرانبەر ئەم قەیرانەدا و دەبێت ئەرکەکانی سەرشانی گەنجانیش چیبن و چۆن جێبەجێیان بکات؟، دەست پێکردنەوەی کۆچی بەلێشاوی گەنجان بۆ؟، ئەی ئەو بەراوردکاریانە چین لە نێوان ژیان و تێڕوانین و تێفکرینەکانی گەنجانی ئێرە و گەنجانی وڵاتانی پێشکەوتوو، کۆمەڵگە چۆن دەڕوانێتە هەڵسوکەوتەکانی گەنج.

ئەمانە و چەند بابەتێکی تری تایبەت بەم کێشەیە لەم تەوەرەدا دەخەینەڕو، بەڵام ئەوەی کە جێگەی ئاماژە پێدانە ئەم تەوەرە کاری نزیکەی 6 مانگمە و لە ڕێگەی ڕۆژنامەی جەماوەرەوە خستومانەتەڕو، بۆیە بە پێویستی دەزانین جارێکی تر لە ڕێگەی سایتی دەنگەکانەوە دوبارە بیخەینە ڕوو، چونکە ئەوەی هەستی پێدەکەین بەردەوامی ئەو گرفتانەیە و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا دوبارە بونەتەوە.

سازدانی تەوەر : ڕێبوار ڕەزا چوچانی :
rebwarreza1983@yahoo.com

.............................................................................................

" 12 "



د.مەدحەد سلیمان:

## ئەو کوردانەی لە سەروی نەوەدەکانەوە هاتنە ئەروپا، تەنیا بیریان لەوە دەکردەوە کە بە شێوەیەکی نا شەرعی پارە پەیدا بکەن

* بەپێی ئەوەی جەنابت ماوەیەك لە ئەوروپا ژیاویت، ئەو تێڕوانینانەی لەلای گەنجانی ئەوێ هەیە بە بەراورد لەگەڵ گەنجانی ئێرە بۆ دەسەڵات و بۆ ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانەکەیان، جیاوازییەکان لە چیدا خۆیان دەنوێنن؟

– بەداخەوە جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان گەنجی ئێرە و گەنجی ئەوروپا، ڕەنگە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بە درێژایی مێژوو، کوردستان داگیرکراوە، شێوازی بیرکردنەوەمان لێ زەوت کراوە، دەنگەکان هەمووی کپ کراونەتەوە، ئەگەر لێم قبوڵ بکەن، گەنجی ئێرە بە شێوازێك دێتە بەرچاوی من، لە کاتی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە وڵاتە ئیشتراکییەکان بوو، بە تایبەتی ساڵی 1989 هەتا 1991 کە خەڵك لە ژێر سیستەمێکی تۆتالیتاری هەموو مافێکی لێ زەوت کرابوو، کە سیستەمەکە گۆڕا بۆ ماوەی دوو ساڵێك دەتوانم بڵێم بەرەڵڵاییەکی دیموکراسی پەیدا بوو، کە هەموو کەسێك دەیویست هەموو شتێکی هەبێت و هەموو قسەیەك بکات، بەڵام لەبەرئەوەی لەو شوێنانە نەتەوەکانیان تێگەیشتوو بوون(واعی بوون) نزیکەی دوو ساڵی خایاند(بێگومان باسی ئەوروپا دەکەم) بەڵام بەداخەوە لای ئێمە کە هوشیاری نەتەوەیی لاوازە لای تاکی کورد بە شێوەیەکی گشتی، بیروراکان زۆر پەرتەوازەن، گەنجی کورد خۆی نازانێ چی دەوێت، زۆربەی هەرە زۆری بە شێوازێکی چاولێکەری دەژییێت، ئەگەر من باسی ئەو گەنجی کوردت بۆ بکەم، بە حوکمی ئەوەی کە 23 ساڵ لە دەرەوە بووم، ئەو گەنجەی لە ساڵانی هەشتاکان دەهات لە ترسی زوڵم و زۆرداری بەعس دەگەیشتە ئەوروپا، تەنها بیری لە خوێندن دەکردەوە، بەڵام ئەو کوردانەی لە نەوەدەکان هاتنە ئەوروپا لە سەدا نەوەد بەرەو ژوور هەرگیز بیری لە خوێندن

نەکردۆتەوە، تەنیا بیری لەوە دەکردەوە بە زووترین کات پارە پەیدا بکات، بەڵام بە شێوەیەکی ناشەرعی، چونکە شێوەی شەرعیەکەی دەبێت باج بدات، بەڵام کە باج نەدەیت، بە زووترین کات پارە دێتە دەستتەوە و کاتێکیش دەگەڕێیتەوە، گەنجانی دیکەی پیٚ هان دەدرێت، ئەمە لەلایەك، لە لایەکی دیکەوە لەبەرئەوەی هەموو تاکەکان مافیان خوراوە و بە تایبەتی بابەتی ئازادی تاکە کەسی، بە شێوەیەکی دیکە گەر لێی بدوێین، ئەو غەریزە سێکسیەی کە لەلای ئێمە کپ کراوەتەوە و دامرکاوە، بۆیە کە دێتە ئەوروپا لەو ئازادییە ناگات، لەلای دەبێتە جۆرێك چاولێکەری، وا دەزانیٚ ئەوەی کە لە فیلمەکاندا دەیبینیٚ، لە واقیعیشدا هەر وایە، بەڵام کە دەگاتە ئەویٚ، و پاش ماوەیەك زمان فێر دەبێت و بیر دەکاتەوە، کە وەك ئاژەڵێك وایە و لە باخچەیەکدایە و خەڵك سەیری دەکات، چونکە لە سەرەتادا مرۆڤ زمان نازانیٚ وا دەزانیٚ هەموو شتێك لەویٚ بەرەڵڵاییە، بەڵام کە زمانەکە فێر بوو، ئەو کات شەرم لە خۆی دەکات، بە پێچەوانەی ئەوەی کە لێرە لە کەناڵە ئاسمانییەکانەوە بینیویەتی، ئەو واقیعە لەویٚ نییە، ئازادییەکی زۆر لەویٚ هەیە، بەڵام لەسەر خودی تاکەکە دەگۆڕێت، بە داوای لێبووردن ئەگەر بڵێین رەنگە ئەو شێوە بەرەڵڵاییە کە بەردەوام قسەی لێدەکرێت، لەلایەن لە سەدا پێنجی ئەو کۆمەڵگەیانەی ئەوێوە پیادە بکرێت، بەڵام لە سەدا نەوەدو پێنجی لەسەر بنەمایەك دەژی، کە هیچ پەیوەستییەکی بە مەسائیلی ئەو ئازادییە رەهاوە نیە، وەك ئەوەی بڵێی من هەموو شتێك دەکەم و دەبێت لێشم قبولٚ بکرێت، واتە ئەو مەسەلەیە بەو جۆرە نیە، مرۆڤێك کە نەیەوێت کارێك بکات، کەس ناتوانیٚ فشاری بۆ بێنیٚ، ئەوەی لە فیلمێکدا دەبینرێت کە مرۆڤێك چۆن دەژی، شتی وا نییە، ئەو مەسەلانە کە دێتە سەر واقیع دەبنە خەیاڵێك و گەنجی کورد زوو پێی فریو دەخوات، بۆیە من دەگەڕێمەوە سەر ئەو مەسەلەی کە باسمکرد، لە ساڵی هەشتاکان کە خەڵك دەچوونە دەرەوە تەنیا بیریان لە خوێندن دەکردەوە، بە دەگمەن کورد هەبوو لەویٚ بێت و نەخوێنێت، بەڵام بەداخەوە لە دوای ساڵانی نەوەدەوە بە دەگمەن کورد هەیە بخوێنیٚ.

* لە قسەکانی بەرێزتدا ئاماژەت بە بەدحاڵیبوونێك دا کە لەلای تاکەکانی ئێرە دروستبووە سەبارە بەو شێوازە ژیانکردنەی کە لەویٚ هەیە، باشە ئەم بەدحاڵیبوونە لەوەوە سەرچاوە ناگرێت، کە تاکی ئێرە پێش ئەوەی ئەو واقیعەی ئەویٚ ببینیٚ، خوێندنەوەیەکی جیدی نیە بۆ هەموو شێوازەکانی ژیانکردن، باشتر بڵێم بۆچی تاکی ئێرە هەڕەمەکیانە دەکەوتە نێو بابەتەکانی و بەدوای ئەو شتە سەرابیانە دەکەوێت کە لە ناو خەیاڵدانی ئەودا هەیە؟

– من هۆکارێك تۆزێك قووڵتر دەگێڕمەوە، نەك هەر تەنیا بۆ گەنج، بەڵکە دەیگێڕمەوە بۆ کۆمەڵگە، بۆ هەموو تاکێکی کورد، چونکە ئێمە لە گوێگرتن زۆر لاوازین، بە داخەوە دەستەواژەکان بە هەڵە لێکدەدەینەوە، وەك لە زۆربەی سیمینارەکاندا دەردەکەوێت، و خەڵك لە بارەیانەوە دەدوێت، و پرسیار دەکات، لەوێوە دەردەکەوێت کە زۆربەیان لە ناوەرۆکی مەسەلەکە نەگەیشتوون، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە شێوازی گوێگرتنمان هەڵەیە، با نموونەیەکت بۆ بهێنمەوە: (بیل کلنتۆن)ی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، بەوە ناسرابوو کە زۆر گوێی دەگرت و کەم قسەی دەکرد، لە بری ئەوە زۆر قسە بکات، پراکتیکی زیاتر بوو، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا گویٚ دەگرین بەڵام بە میزاجی خۆمان گویٚ دەگرین، ئەوەی کە من دەمەوێت گوێی بۆ بگرم، ئەوەش کە دەمەوێت وەڵامی بدەنەوە بەپێی میزاجی خۆم وەڵامی دەدەمەوە، هەر بەپێی میزاجی خۆشم لێکدانەوەی بۆ دەکەم، نەك بەو شێوەیەی کە لە ناوەرۆکی بابەتەکەدا هەیە، بۆ نموونە لە یەکێك لە سیمینارەکاندا ئاماژەم بە بابەتێك کرد، یەك لەو گەنجانەی بەشدار بوو، هەستا و گوتی: هەروەکو دکتۆر گوتی ئاوا و.....هتد، منیش لە وەڵامی ئەو گەنجەدا گوتم کاکە من وام نەگوتووە، من لەو شوێنەدا دانیشتبووم و ماوەی(10) دەقیقە بەسەر قسەکانی تێپەڕیبوو، بە هەڵە لە قسەکانی من گەیشتبوو، لەمەوە دەردەکەوێت کە ئێمە گوێمان نەگرتووە، ئەوە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان، هۆکارێکی دیکە رەنگە هۆکاری مێژووی بێت کە بە درێژایی ژیانی نەتەوە دەستبەسەر بووە، ماوەی بیرکردنەوەمان نەبووە، ناخی تاکەکانی کورد ئاو نەدراوە بە زانست و مەعریفە و پەروەردە و هەموو شێوەکانی، چونکە داگیرکەر هاتووە ماوەی ئەوەی پێنەداوین، کە بیر بکەینەوە، ئەو هاتووە وڵاتی وێران کردووین، سامانی بە تاڵان بردووین، رێگەی نەداوە کە کارگەیەك دروست ببێت بۆ ئەوەی پێشبکەوین و زانکۆیەك نەبێت بەو شێوەیەی کە ئێمە پێویستمان پێیەتی وەك ئەوەی کە ئێستا هەیە، من وەکو کوردێك کە چوومە دەرەوە، هەندێك بابەتی تەکنۆلۆژی هەبوون، زۆر غەریب بوون بەلامەوە و زۆر جارانیش سڵم لێدەکردنەوە، چونکە بە نیسبەت منەوە شتی تازە بوون و نەمدەزانی بەکاریان بهێنم، بەڵام گەنجی ئێستا هەموو ئەو شتانەی دیوە و بەلای ئەوەوە غەریب نین، جگە لەوەش داگیرکەران کە هاتوونەتە ئێرە، هەمیشە هەوڵیانداوە پۆخڵەواتی خۆیان بێننە ئێرە و هەوڵی ئەوەیان نەداوە سیستەمێکی باش بهێنن، بەڵکو شتە پیسەکانی خۆیان هێناوە بە مەبەستی زیاتر تێکدانی کۆمەڵگە، لەناو ئەو بارودۆخانەی کە داگیرکەران سەپاندوویانە بەسەر ئەم کۆمەڵگەیەدا، ئەو گەنجە گەشەی کردووە، بۆیە من دەڵێم هۆکارەکەی رەنگە بۆ کۆمەڵگەش بگەڕێتەوە، چونکە منداڵی کورد پەروەردەی کۆڵانە، رەنگە لە سەدا هەشتای منداڵی کورد لە کۆڵان گەورە بن بەبیٚ ئەوەی دایك و باوکیان بزانن، ئەو منداڵانە چی دەکەن،

ئەگەر بچیتە وڵاتێکی ئەوروپی بە دەگمەن منداڵ دەبینی لە کۆڵاندا، هەمیشە لە ژوورەوەیە، و شتی فێر دەکەن، ئەگەر بێین و بەراوردی گەنجی خۆمان لەگەڵ گەنجی ئەوروپی بکەین، من یەك نموونەت بۆ دەهێنمەوە، من لە تەمەنی 22 تا 23 ساڵی گەورەترین ترسی من ئەوە بوو کە لەگەڵ منداڵی تەمەن 12 تا 13 ساڵی ئەوروپی گفتوگۆ بکەم، چونکە دە بەرامبەر بە من زانیاری هەبوو لەسەر هەموو جیهان، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە بواری خوێندنەوەمان پێنەدراوە، یان دایك و باوکەکانمان نەخوێندەوارن و ناتوانین رۆژنامەیەك بکڕین یان گۆڤارێك، بەڵام ئێستا ئەو بوارە هەیە و ئەو شتانەش هەن بۆ خوێندنەوە، کەچی گەنجی کورد نایانخوێنێتەوە، تاکە پاساویشیان ئەوەیە کە دەڵێن هەمووی حزبیە، با بڵێین حزبیشە، بەڵام خۆ مرۆڤ دەتوانێت لە هەر گۆڤارێك یان رۆژنامەیەك زانیاری چنگ بکەوێت، ئەوە خۆ بگوترێت من هەر هیچ ناخوێنمەوە، لەبەرئەوەی هیوایەکم نیە، من پێی دەڵێم بشچیتە ئەوروپا جگە لە هەندێ کار وەك خزمەتکردن و چێشتخانەکان و هەندێ کاری دیکە کە لێرە پێی عەیبە بیکات، هیچی دیکەی دەست ناکەوێت، لەبەرئەوەی لایەنی رۆشنبیری ئەم تاکە زۆر لاوازە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردە، هەر لە پەروەردەی ناوماڵەوە تاکو دایەنگە و قوتابخانەش، ئەگەر نموونەیەکی دیکەت بۆ بهێنمەوە: کە رەنگە پەیوەندی هەبێت بە تاکێکەوە کە خاوەنی بڕوانامە بێت، جارێکیان من چووم منداڵەکەم بهێنمەوە لە دایەنگە، بینیم لەسەر پشتی مامۆستاکەیەتی و وەکو گوێدرێژ دەیزەڕاند، منیش لێم پرسی بۆچی وا دەکەیت؟ گوتی ئەم منداڵە تازە فێرە زمان دەبێت، دەبێت تێیبگەینم کەر چییە، بۆیە دەبێت بۆی بزەڕم تاکو بزانێت کەر چییە، ئەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لە کویێ جێی دەبێتەوە، ئەگەر منداڵێك وا پەروەردە بکرێت، تا تەمەنی مێردمنداڵیش لە قۆناغەکانی پەروەردە و دواتر تەواوکردنی خوێندن و لەناو پرۆسەی خوێندنیشدا مرۆڤێکی کامڵ دەبێت و دەزانێت داوای چی دەکات و چی دەوێت لە ژیاندا، بەڵام بە پێچەوانەوە تاکی ئێمە نازانێت چی دەوێت لە ژیاندا، گەنجی ئێمە بە داخەوە زۆرینەیان نازانن چییان دەوێت، هەموو ئۆباڵەکەشی دەخاتە سەر دەسەڵات و پارتە سیاسییەکان، بەڵام ئەوەیان لە یاد کردووە، کە تا راپەڕین کورد چۆن ژیاوە، ئەوەیان لە یاد کردووە کە تا ساڵی 2003یش کورد چۆن لە ژێر هەڕەشەی ئەقلیمی و حکومەتی بەعسدا بووە و نەیاندەهێشت گەشە بکات، خەڵکانێکی زۆر و لەنێویاندا گەنج هەڕەشە لەو ئازادییە دەکەن، هەڕەشە لەو دیموکراسیەتە دەکەن کە لە کوردستاندا هەیە، بەڵام ئەم دیموکراسیەتەی ئێرە گەر لە من بپرسی دەڵێم نیمچە دیموکراسییە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی خۆرئاوا، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ موسڵ و فەلوجە و ئێران و سوریا، دەتوانین بڵێین ئێمە لە لوتکەی دیموکراسیداین، دەبێت خۆمان بەراورد بکەین لەگەڵ ئەو نەتەوانەی کە لە دەوروبەرمانن تا بزانین چەند پێشکەوتووین، بەڵام ئەگەر خۆمان بەراورد بکەین لەگەڵ ئەمریکا و دانیمارك، دەتوانین بڵێین ئەمە هەنگاوێکە و تازە دەستمان پێکردووە، چونکە ئەوان ساڵانێکی زۆرە خەریکی پیادەکردنی سیستەمی دیموکراسین و ساڵانێکی زۆرە خاوەنی دەسەڵاتی خۆیانن، ئێمە ناتوانین(15) ساڵ بەراورد بکەین بەو ئەزموونە زۆرەی ئەوان، لایەنێکی دیکەش ئەوەیە کە ئێمە هاتینە سەر وڵاتێکی وێران و پڕ کارەسات، پڕ لە بریینی ئەنفال و کیمیاباران و شەهیدانی رێگەی رزگاری و دەبێت سەرلەنوێ ئەمانە بینا بکرێنەوە و قەرەبووبکرێنەوە، ئەمە بە پرۆسەیەك دەبێت کە هەموو ئەم شتانە دەبێت گەشە بسێننەوە، ناکرێت لایەنێکیان فەرامۆش بکەین بۆ لایەنێکی دیکەیان، دەبێت هەر لایەنێك لەم لایەنانە کاری بۆ بکرێت، بەڵام ئەگەر بێتوو ئێمە بڵێین ئەم لایەنانە کاریان بۆ نەکراوە و دەسەڵات هیچی نەکردووە و ئەگەر بڵێین کارەبامان نیە و سوتەمەنی نایەت بۆ کوردستان، دەبێت لە بەرامبەردا کورد هۆشمەند بێت لە ئاست ئەو سیاسەتەی وڵاتانی دەوروبەر، چونکە ئەگەر پێداویستییە رۆژانەییەکانی ژیانمان دەستەبەر بوو، ئیتر بواری بیرکردنەوە و خوێندن و گەشەسەندنمان دەبێت، بەڵام ئەوان هەموو شتانەمان لێدەگرنەوە بۆ ئەوەی نەمان پەرژێتە سەر خۆمان، بۆ ئەوەی تەنها لە خەمی پەیداکردن بۆ بژێوی ژیانی خۆمان بین و رۆژی چەند سەعاتێك تاقەت و وزەکانی خۆمان لەسەرەی بەنزیندا سەرف بکەین. ئەوە سیاسەتێکی دارێژراوە، چونکە من نموونەیەکم لایە: بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە لە وڵاتێکی ئیشتیراکی وەك پۆڵۆنیا بووم، لەم دوا دواییانەدا گۆڕا، لەبەر داتەپیوی باری ئابووری خۆی، خەڵکەکەی وا سەرقاڵ کردبوو بۆ ئەوەی تاك بواری ئەوەی نەبێت شتی گەورە بکات، هەموو ئەو نەهامەتیانەی کە ئێستا لە کوردستاندا دەیبینم، هەمان شتم لە پۆڵۆنیا دیوە لەپێش گۆڕینی رژێمەکەیان. وڵاتانی داگیرکەر وا دەکەن کە ئەم کێشانە ببنە هۆکاری ئەوەی کە بوارەکانی بیرکردنەوە نەمێنێ، من ئەمە بە گوناهی حکومەت نازانم، چونکە هەر ئەوەندە پێڕادەگات، بۆچی وێستگەی کارەبا لە کوردستاندا نەبێت؟ بۆچی پاڵاوتگەی نەوت لە کوردستاندا نەبێت؟ تۆ ئەگەر بڵێیت هیچم پێناکرێت، وانیە، چونکە ئەو زەمانە رۆیشت بڵێین من باسی هەرچییەك بکەم رەنگە هەڕەشەم لەسەر بێت، چۆن سەردەمانێك بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراك هەبوو، جێی خۆیەتی ئەگەر ئێستا کوردیش بڵێت ئاو بەرامبەر بە سوتەمەنی و کارەبا، با لە کاتی گەرمادا ئاوەکەیان بۆ بەردەنەوە و پایزانیش بیبڕن، چۆن سووننە ئێستا هەڕەشەی ئەوە لە شیعە دەکات کە ئەگەر بێتوو باسی فیدراڵی بکەن، ئاویان لێدەگرنەوە کە لە راستیدا ئاوی کوردستانە، با ئێمەش هەڕەشەی ئەوە بکەین کە ئەگەر لە بێجی تەقینەوە بکەن ئەوا ئاویان

لێدەگرینەوە، ئەوجا بزانە ئەم کێشانە وردە وردە بە چارەسەر دەگەن، ئەو کاتیش کە ئەم کێشانە چارەسەر بوو، تاکی کورد بواری بیرکردنەوەی دەبێت، بەڵام هەندێك هەڵەی دیکە هەیە کە نابێت مرۆڤ هەموو شتێك پێشێل بکات، بۆ نموونە ئێستا برۆ زۆربەی شوێنەکان وەك چێشتخانە و هۆتێل و...هتد عەرەب کار دەکات، ئەمانە هاتوون شوێنی کارکردنی گەنجی کوردیان گرتووە، ئەوە دەبێت کۆنترۆڵ بکرێت وەك هەموو وڵاتانی دنیا، دەبێت ئەوەی میوانە ڕێزی بگرین، چونکە کاتی خۆی ئێمەش لێمان قەوماوە، با بایی ئەوەش مرۆڤایەتی لە ناخماندا هەبێت و باوەش بکەینەوە بۆ میوان بەڵام میوان وەك هەموو دنیا شوێنێکی تایبەتی هەیە بۆ ئەوەی سەقامگیریت لێ تێکنەدات، ئاسایشت لێ تێکنەدات، باری ئابووریت نەشێوێنێ، جێگەیان بکرێتەوە، نەك بەو شێوە زەقەی کە لە کوردستاندا هەیە، ڕێ لە تاکەکانی ناو کۆمەڵگە دەگرێت و کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر زیادبوونی ڕێژەی بێکاری، بەڵام لێرەدا دەبێت ئەوەش بڵێم کە من گومانم هەیە لە کارکردنی گەنجان بە تایبەتی ئەوانەی کە زانکۆ و پەیمانگە تەواو دەکەن، چونکە پێیان عەیبە کە هەموو کارێك بکەن، ئەمە پێچەوانەی بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەی خۆرئاواییەکانە، چونکە تاکی ئەوێ کە زانکۆیان تەواو کرد، ئەگەر نەیتوانی لە بوارەکەی خۆی کار بکات، خێرا هەوڵدەدات لە بوارێکی دیکە کار بکات کە هیچ پەیوەندی بە بڕوانامەکەیەوە نیە، ئەوە ئیشی حکومەت نییە کە کاری بۆ دابین بکات، بۆ نموونە ئەگەر کەسێك دەرچووی بەشی ئەندازیاری بێت و بێن کارێکی بۆ بدۆزنەوە، کە کاری ئەندازیاری بێت، چونکە ئەو ئەرکەی کە لەسەر زانکۆ یان هەر بوارێکی دیکەی خوێندن و دەسەڵاتە، تەنها ئەوەیە کە ئەو تاکە پێبگەیەنێ و زانیاری فێر بکات، لەسەدا هەشتای ئەرکەکەی لە ئەستۆی خۆیەتی کە بە دوای کاری خۆیدا بگەڕێت و بیسەلمێنێ کە زانیارییەك فێر بووە و دەبێت بە دوای کۆمپانیاکاندا بگەڕێت، ئەمە وەك نموونەیەك، ئەمەش دەبێت یەکەمجار بەخۆی خەمی خۆی بخوات، نەك کەسی دیکە. لە هەموو دنیادا گەر ڕێژەی مووچەی فەرمانبەری حکومی لەسەدا بیستوپێنج بێت، ئەوا لای ئێمە لە سەدا شەست و سێی داهاتی کوردستان بۆ مووچەیە، ڕێژەکەی دیکەشی کە دەمێنێتەوە بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەسەندن دەبێت، بەڵام لای ئێمە بە پێچەوانەوە ئەو گەنجانەی کە دەچنە دەرەوە، دەیانەوێت بە زووترین کات ئیقامەیەك وەربگرن و هەندێك ئیمتیازاتیان دەست بکەوێت و بێنەوە، خۆی وا نیشان بدات کە بۆتە خاوەنی شتێك، ئەمە ڕاستییەکەیە، چونکە من ماوەی (23) ساڵ لە دەرەوە بووم و کتۆراکەشم لەوێ تەواو کرد، ئاگاداری ئەو ڕاستیانەم، بەڵام من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە کورد خاوەنی سەرمایە نەبێت، کورد پێویستە سەرمایەی هەبێت، پێویستە جالیەی هەبێت و پێویستە بخوێنێ، ئەمانە هەموویان پێویستن، بەڵام کە دەیانەوێت بە زووترین کات دەوڵەمەند بن، کەس ناتوانێت بە زووترین کات دەوڵەمەند بێت لە ئەوروپا، لەبەرئەوەی دەبێت باج بدات، لە وڵاتێکی وەك دانیمارك کە من لەوێ کارم دەکرد، مووچەی ئەوێ(51٪)ی بۆ باج دەبێت، بۆ ئەوەی خەڵك دەرۆزە نەکات و بێ خانووش نەبێت، بەڵام ئەو دەیەوێت کارێك بکات و باجیش نەدات، لێرە بە خەڵکیش وا نیشان دەدات کە خاوەنی سەرمایەیە، دواتر خەڵکی ئێمە لە دوو شت بە هەڵە تێگەیشتوونە یەکەم دیموکراسی و دووەم بازاڕی ئازاد، لێرە بازاڕی ئازاد نیە، بۆیە ئەو گەنجەی کە دەردەچێت و دادەمەزرێ، مووچەکەی بەشی ناکات، نرخی شتومەك لە بازاڕەکاندا لە بەرزبوونەوە و دابەزیندایە، هەر ڕۆژەی نرخێك هەیە، ئەمە دەبێت حکومەت کۆنترۆڵی بکات.

* لەبارەی بازاڕی ئازاد و تێگەیشتنی ئێمە بۆ چەمکی بازاڕی ئازاد حەز دەکەم باسی یەك شتت بۆ بکەم، لەگەڵ برادەرێك کە بەرپرسێکی ئیواریە بۆ باسکردن لە هۆکاری گرانی لەبازاڕەکانی کوردستاندا گفتوگۆیەکمان کرد، لە بارەی بازاڕی ئازادەوە دەیگوت مادامەکی هەڵگری دروشمی دیموکراسین دەبێ بڕوامان بە بنەماکانیشی هەبێت، یەکێك لەو بنەمایانە بازاڕی ئازادە، ئەو دەڵێت ئێمە کە نەتوانین ئاسانکاری بۆ بازاڕ بکەین و پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکەین، ناشتوانین بڕیاریان بەسەردا بسەپێنین. ئەمە تا چەند نزیکە لەو تێڕوانینانەی کە لە کۆمەڵگاکانی ئەوروپادا هەیە بۆ بازاڕی ئازاد؟.

– بەداخەوە من لە هیچ شوێنێك ئەو شتەم نەبینیوەو لە هیچ وڵاتێکی ئەوروپاش ئەوە نابینیت، بازاڕی ئازاد بەو مانایە نییە کە بە ئارەزووی خۆیان شت گران کەن، بازاڕی ئازاد واتە کێبرکێ کردن لەسەر دابەزاندنی نرخ. با مۆنۆپۆل نەبێ کەسێك کارگەیەکی هەبێ ئیتر حکومەت ڕێنەدات بە کەسێکی تر کە ئەو کارگەیە دروست بکات، با دەروازەکان کراوەبن، چونکە لە ئەنجامی بازاڕی ئازاد کێبرکێی دابەزاندنی نرخ دەبێت، بەرزکردنەوەی نرخ لە هیچ وڵاتێك ناتوانرێت بکرێت تەنیا لەسەر بنەمای هەڵاوسان نەبێت، هەڵاوسانیش بەو مانایە دێت کە ساڵانە لە سەدا دوو تا چوار مووچە زیادی کرد ئەوا لە سەدا دوو هەتا چوار کاڵاش گران دەبێت، کە کەس هەستی پێناکات، بازاڕی ئازاد ئاوا دروست دەبێ، نەوەك ئەوەی لێرە هەیە، ئەوەی کە لێرە هەیە وای کردووە گەنج و تاکی ئەم وڵاتە هیوایەکی بە داهاتووی خۆی نەبێت. ناتوانێ پێداویستییەکانی ژیانی دابین بکات.

ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریش ئێمە کە زۆر بە هەڵە لە چەمکی دیموکراسی تێگەیشتووین ئەگەر باسی دیموکراسی بکەین، نابێ

ماف خەڵکی تر پێشێل بکەین، نەوەك ئەوەی کە لە سیمینارێکدا کەسێك هەستایەوە ووتی فلانە وەزیر هەر لە ئێستاوە دەستی کردووە بە دزی. ئەوە لە هەر وڵاتێکی ئەورووپی بێ ئەو وەزیرە شکایەتی لێدەکات و راپێچی دادگای دەگات، چونکە ئیهانەی کردووە و پێیگوتوە دزە، ئەمە کارێکی ئاسان نییە و دەبێ بیسەلمێنێ کە دزە.

ئێمە هەموو ئۆباڵەکان دەخەینە ئەستۆی بەرامبەرەکەمان، ئەگەر خۆشی بچێتە ئەو شوێنە خەڵکی دیکەش وای پێدەڵێن، لە دیموکراسیدا هەموو کەس بۆی هەیە قسە بکات، بەڵام دەبێ بەڵگەی هەبێت و ئەو قسە کردنەش وای لێبکات ماف خەڵکی تر پێشێل نەکات، تۆ ئازادی لە رادەربڕین بەڵام لەوە ئازاد نیت کە من بکەی بە دز و مرۆڤێکی بێ رەوشت، لە هیچ وڵاتێکدا ئەوە قبوڵ نییە، جا بۆیە تێگەیشتن لەو دوو چەمکە زۆر گرنگن کە مرۆڤ بتوانێ کۆنترۆڵی ژیانی خۆی بکات و مومارەسەی ئەو ئازادییە بکەیت کە یاسایەك هەیە سنووری بۆ دادەنێت.

*لە ناو هەموو ئەو فەوزایەی کە ئەمڕۆ لەناو بازاڕی کوردیدا هەیە وەك هەموومان دەزانین کە رۆژانە نرخی کاڵاکان لەبەرزبوونەوەیەکی بێ ئەندازە دایە کە وای کردووە لە توانای زۆر کەس دانەبێ پێداویستییەکانی رۆژانەی خۆی دابین بکات. ئەمەش ئاڵۆزی دەروونی لای تاك دروست دەکات، چونکە هەر تاکێك نەیتوانی ئەو پێداویستییانە دابین بکات و لایەنێکیش نەبوو دەستی بگرێت و ئەم کێشانەی بۆ چارەسەر بکات ئەمە لەلایەنی دەروونییەوە تووشی هەڵچوونی دەکات و کاردانەوەشی دەبێ لە بەرامبەر دەسەڵات و هەموو ئەو لایەنانەی کە پەیوەندیدارن بە بڕیارەوە. پێتوایە بۆ ئەمە دەبێ چ بکرێت ؟

– بە بۆچوونی من ئەوەی کە گرنگە بۆ هەموو مرۆڤێك نە تەنیا بۆ گەنج دەبێت ژیانێك دابین بکرێت کە بۆشایی لە ژیانی هیچ تاکێك دروست نەبێ، کە بۆشایی دروست بوو لە ژیانی تووشی نامۆیی دەبێ، راستە کاڵا گرانە، بەڵام ئەگەر بازاڕ کۆنترۆڵ بکرێ رەنگە ئەو مووچەیەی کە وەریدەگرێ بەشی بکا. ئەو قوتابییەی کە دەرماڵەی هەیە بەشی بکات و ئەویش بەرنامەیەك بۆ ژیانی خۆی دابنێت. بەڵام نابێ وای لێبکرێت کە تووشی نامۆیی بێت.

شتێکی تر هەیە کە من لە کوردستان نایبینم گەنج دەبێت سەرقاڵ بکرێت بە شتێکەوە، ئیتر خوێندنە یان ژیانێکی خۆشگوزەرانییە، با لە هەموو گەڕەکەکان مەلەوانگە دروست بکرێت، یان پەرتووکخانە یان گۆڕەپانێکی یاری، ئەمانە بۆخۆیان هۆکارێك دەبن بۆ باشکردن و بەرەوپێشبردنی لایەنی رۆشنبیریش، ئەگەر بەرنامەی بۆ دابنرێت. گەنجی کورد بۆچی بچێت لە بازاڕدا بخولێتەوە، با لەجیاتی ئەوەی گەنجەکان بنێرینە بازاڕ و قەیسەرییەکان کە لە ئەنجامی نامۆبوونی خۆی شەڕ بە هەمووشتێك دەفرۆشرێت، با هان بدرێن و کاریان بۆ بکرێت کە ئاستی هۆشیاریان بەرز بکرێتەوە، ئەمەش لە پەرتووکخانەکان و بە خوێندنەوە دەکرێت، لە ئەورووپا هەموو ئەو شتانە هەیە لەگەڕەکەکاندا، من بۆخۆم جاری وا هەبووە چوار مانگ نەچوومەتە بازاڕ چونکە لەو گەڕەکەی کە نیشتەجێ بووم، تیایدا هەموو شتێك هەبووە، بەڵام لێرە بە پێچەوانەوەیە، لە ناو گەڕەکەکاندا هیچمان نییە و هەموویان لە بازاڕدان. ئەگەر حکومەت بتوانێت ئەوە بکات ئەوا گەنج لەو نامۆبوونە رزگار دەکات. ئەوانەی تریش پەیوەندی بە حکومەتەوە هەیە کە بە بۆچوونی من پەیوەندی هەیە بە چارەنووس و ئایندەی نەتەوەی کوردەوە هەیە لەگەڵ عێراقدا. بۆ نموونە ئەگەر سبەینێ نەوتیان زۆر دەرهێنا لە کوردستان و رێژەیەکی زۆری بۆ کوردستان بێت، بێگومان ژێرخانی ئابووری ئەو وڵاتە دەبووژێتەوە و گەشە دەکات کە باری ئابووریش گەشەی کرد ئەوکاتە هەموو شتەکان ئۆتۆماتیکیەن گەشە دەکەن. ئێمە با لەبیرمان نەچێت، هەموو هۆکاری گرفتەکان دەگەڕێتەوە سەر لایەنی ئابووری. ئەگەر ئابووری هەر تاکێك، هەر بنەماڵەیەك گەشەی کرد، ئەو کاتە ئێمە بە خۆشگوزەرانی دەژین، بە پێچەوانەوە تووشی نامۆ بوون دەبین.

*پرسیارێك کە پێشترلە یەکێکی دیکەم کردووە، پێم خۆشە هەمان پرسیار رووبەڕووی تۆشی بکەمەوە، ئێمە لە دوای راپەڕینەوە بینیمان کوردستان بە کۆمەڵێك قەیرانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا تێپەڕی. ئەم قەیرانانە وایان کرد کە تاکی کورد سەرقاڵی بەدەستهێنانی بژێوی ژیانی خۆی بێت. چونکە ژیان لێرە ببوو بە بارگرانییەکی گەورە بەسەر شانی هەموومانەوە. هەموو ئەو بارگرانیانەش دیاری دەستی سیاسییەکانمان بوون بۆ ئەو کۆمەڵگەیە. بەهەر حاڵ ئەم بارگرانیانە وایانکرد زۆرینەی تاکی ئەو کۆمەڵگەیە لە خوێندن دابڕێن و ئێستا بێ هیوا ماونەتەوە. چونکە ئەمە گرفتێکی گەورەیە و پێموایە لە باسکردنی کێشەکانی گەنجاندا پەراوێز خراوە، ئەم کێشەیە وایکردووە کە ئەو گەنجانە هیوایەکیان نەمێنێ بۆ ژیان

و بۆ ئایندەیان. لەبەر ئەوەی هیچ ئاسۆیەك نییە كە چاویان لێبێت و ژیانی لەسەر دروست بكەن. بۆ چارەسەركردنی گرفتی ئەم نوخبە گەنجە پێویستە چی بكرێ؟

– ئەوەندەی تێیگەیشتبم لەسەر كێشەی لاوان، ئێستا بڕۆ لە وڵاتێكی وەكو دانیمارك ئیتر لە هەر تەمەنێك دابی بە گوێرەی تەمەنت ئەگەر كەمیشت خوێندن بێ دەتباتە ئەو قۆناغەی كە لەگەڵ تەمەنەكەت دەگونجێ. بۆ نموونە تۆ ئەگەر لێرە قۆناغی سەرەتاییت تەواو كردبێ یان لە یەكی ناوەندی بی ئەو چەند ساڵەی كە وازت لێهێناوە بۆت قەرەبوو دەكاتەوە و دەتباتە ئەو قۆناغەی كە لەگەڵ تەمەنت دەگونجێ. واتە ناتهێنێتە خوارەوە و هیوایەكت پێ دەدات كە جارێكی تر بخوێنی. چونكە ئەستەمە تۆ لەتەمەنێكی سەرەوەدا بتوانیت بێیت لە قۆناغە سەرەتاییەكانەوە دەست پێبكەی. بەڵام لە سیستەمی پەروەردەی ئێمە كە بە بۆچوونی من سیستەمێكی دۆڕاوە (ڕەنگە زۆر كەسیش ئەم قسەیەی پێناخۆش بێ) لەبەر ئەوەی لەم وڵاتە سیستەم نییە، حزبی بەعس سیستەمی دروست نەكردووە، نەك لە پەروەردە بەڵكو سیستەم لە بەڕێوەبردنیش نییە، سیستەم هەتا لە چۆنییەتی ڕۆیشتنیش نییە لەسەر ڕەسیفەكان ئێستا بڕۆ بازاڕەكان نازانی خەڵك چۆن دەڕوات و هەموو ڕووبەڕوی یەك دەڕوات و خۆیان دەكێشن بەیەكدا، كەواتە لێرە سیستەم نییە و دەبێ سیستەم دروست بكرێتەوە. كە دروست كرایەوە بۆ ئەو لاوەی كە لە خوێندن دابڕاوە لەو ماوەیەی كە دوو گەمارۆ لەسەر ئەو وڵاتە بووە و شەڕی براكوژی بەسەریدا سەپابوو. دەتوانرێ ژیانی ئەو گەنجە دروست بكرێتەوە و خزمەت بكرێت و بۆ ئەوەی كە خوێندنەكە تەواو بكا، بەڵام دەبێ تێبگەیەنرێن كە خوێندن تەواو دەكات تەنیا ئەو ئیشە نەكات كە ئەو بۆی خوێندووە. من چەندەها جار سواری تاكسی بووم شۆفێری تەكسییەكە دەرچووی هەندەسەی میعماری بووە بەڵام ئیشی دەست نەكەوتووە، چووە كاری تەكسی كردووە. دەبێ ئەوە بزانێت نەك بڵێیت تۆ بخوێنە و من دوایی شوێنت بۆ دەدۆزمەوە.

شتێكی دیكە كە زۆر گرنگە باسی بكەین، ئەگەرچی هەندێك لە بابەتەكە لادەدەین بابەتی هۆشیاری نەتەوەییە، كە چەند پەیوەندی بەباری ئابوورییەوە هەیە، ئێمە ئەگەر پۆلۆنیا بە نموونە وەربگرین، مووچەیەكی بنەماڵەیەكی پۆلۆنی ئەگەر ئیشی بكردبایە بەتایبەتی لەسەرەتای هەشتاكان باوەڕ بكە 10 دۆلار بووە و بەوەش دەژیا. لەگەڵ ئەوەشدا قەت نەیهێشتووە منداڵەكانی نامۆبن وای پەروەردە كردوون كە دەبێ هیوایەكی بەرزی لە دەروون دا هەبێت و وڵاتەكەی خۆشیان خۆش بوێت. باوەڕم پێبكە كە من قوتابی پۆلۆنیم لەگەڵ بوو پارەكەی بەس بەشی سێوێك و پاسەكەی دەكرد كە دەهات و دەچوو. بەڵام ئەگەر باسی پۆلۆنیات لەگەڵ بكردبایە پۆلۆنیای بە هیچ وڵاتێكی دنیا نەدەگۆڕیەوە، ئەوان ڕقیان لە ڕووسیا بوو، ئەگەر باسی ڕووسیات بكردبایە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتی پۆلۆنیا كە لەو پەڕی نامۆبوون دەژیان لە ڕووی ئابوورییەوە قەت تەقەبولی ئەوەی نەدەكرد كە ڕووسیا بچێتە وڵاتەكەیەوە. نموونەیەكی تریش كە مەسەلەی هاریكاری دەستی پێكرد و سیستەمیان گۆڕی، ڕووسیا و ئەڵمانیا و چیك ویستیان بێنە ناو پۆلۆنیا و خۆپێشاندەران كپ بكەنەوە و ژەنراڵەكان قبوڵیان نەكرد وڵاتی تر بێت دەست بداتە ناو كاروباری ناوخۆی پۆلۆنیا، ئەگەرچی ئەو كات ئەندامی فیعلی وارشۆ بوو. لەبەر ئەوەی وڵات و زمانی خۆیان خۆشدەویست و نەتەوەكەیان خۆشدەویست و بۆخۆیان بڕیاریان دا بارودۆخەكەی خۆیان كۆنترۆڵ بكەن، بەڵام گەنجی ئەمڕۆی كورد كە خۆپیشاندان دەكەن هاوار دەكەن (بڕۆخێ، بڕوخێ) ئاخر كێ بڕوخێ و كێ بێ، توركیا و ئێران بێت یا خود حزبێكی توندڕەوی ئیسلامی بێت و حوكم بكات و ئەو ئازادییەی ئێستا هەیە كە دەڵێی بڕوخێ، بڕوخێ ئەوكات ئەوەش نابێ.

دواتر شتێكی تر هەیە كە ئێمە هەموومان دەزانین دوو گەمارۆمان لەسەر بوو، دەبوایە ئێمە ئەو ژێرخانە داڕووخاوەمان دروست بكردایەتەوە، ئەگەر لەو بارەوە پرسیارم لێبكەی، من دەڵێم ئەو ژێرخانە تازە گەیشتۆتە سفر. چونكە لە ئێستاوە ژیان قورستر دەبێت. ئەگەر بمانەوێت ئەو وڵاتە دروست بكەینەوە دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت. ئەوكات كە هەڕەشەی عێراق و دەوڵەتانی ناوچەكەمان لەسەر بووبێت. بەڵام ئێستا هەزارەها پیلانمان لەسەر دروست دەكەن، پارە تەرخان دەكرێت بۆ ئەوەی من و تۆ تووشی نامۆیی بین و باوەڕمان بە دەسەڵاتی كوردی نەبێت و باوەڕمان نەتەوە و زمان نەبێت دواتر ئێمە هەڵگری شیعارێكین و دەڵێن. دەچمە هەر شوێنێك تەنیا لەبەر ئەوەی باش بژین، ئەی بۆ دەوڵەتانی دەوروبەر واناكەن كە باری ئابووریان لێرە زۆر خراپترە. بۆ نموونە توركەكان كە دەچیتە وڵاتێكی وەكو دانیمارك باسی تورك بۆ هەر تاكیكی تورك بكەی، شەڕت لەگەڵ دەكات بۆچی، ئەوان تووشی نامۆیی نەبن و بۆچی ئەو پارە تەرخان دەكات كە تۆ تووشی نامۆیی بكات. من

نالێم هەموو خەتای ئەوانە، بەڵام دەستی ئەوانی تێدایە. ئەو لاکەشی دەگەڕێتەوە سەر لایەنی پەروەردەیی کە چۆن نەوەکانی خۆمان پەروەردە بکەین، ئەبێت بە پەروەردەیەك پەروەوەردە بکرێت کە وڵاتی خۆی خۆش بوێت. دەبێ خۆپیشاندانەکان بە ئاسایی وەربگیرێت. بەڵام خۆپیشاندانێك نا کە بەنزینخانە بسووتێنێ و ئاگربەردا لە شوێنی گشتی. چونکە ئەگەر ئەو شوێنەت تێکدا و ئەو دەسەڵاتەت رووخاند و دەسەڵاتێکت دانا کە خۆشت بەشداربووی تێیدا دەبێ سەرلەنوێ دروستیان بکەیتەوە. کێ زەرەر دەکات هەر بە تەنیا نەتەوەکەت زەرەر دەکات جا بۆیە هەستی بەرپرسیاریەتی زۆر لاوازە.

*لێرەدا مەسەلەیەکی گرنگ هەیە ئەویش عەدالەتی کۆمەڵایەتییە، ئەگەر زاری هەر گەنجێك بکەیتەوە بەتایبەتی ئەوانەی کە یاخی دەبن ئەم باسە هەمیشە لەسەر زاریانە عەدالەتی کۆمەڵایەتی لەوەوە دەبینی کە ژیانی ئەم بە بەراورد لەگەڵ کوڕە بەرپرسێك زۆر جیاوازە، ئەم لەمپەڕی بێئومێدی دایە و ئەو لەوپەڕی رەفاهییەتی ژیان. ئەمە لەلایەك، پێتوانییە ئەم هەستە توندە کە لەناخیاندا دروست بووە ئەنجامی ئەو هەموو رق و کینە بێ کە ناخی خۆیدا کۆی دەکاتەوە بەرامبەر بەو هەموو ناعەدالەتییە ئەمڕۆ هەڵیدەڕێژێت. رق و کینە لە چی، وەك لە پێشدا باسم کرد. لێرە گەنج لە هەموو شتێك بێزارە. لەبەر ئەوەی شتێك نییە کە ئایندەی لەسەر دروست بکات، هەموو شتێك لێرە هەتا ئێستا لەسەر میزاج و تەزکیەی حزبی بەڕێوە دەچێت، پێتوانییە ئەو هەموو کەموکوڕییانە کاردانەوەیەکی قورستری بە دوادابێت.

– لەراستیدا ئەمە کاریگەری زۆری هەیە بەڵام بۆ ئەوەی ئێمە بە هەڵە تێنەگەین، من وڵاتانی ئەوروپیم زۆر بینیوە بەڵام لە هیچ شوێنێك نەمبینیوە یەکێك بێکار بێت ژیانی وەك منداڵە وەزیرێك وابێت. ئەمە لە هیچ جێگایەکی ئەو دنیایەدا نییە. چونکە ئەوانەی کە وەزیرن یان بەرپرسی باڵان مووچەیان دیاریکراوە و هەر دەم ژیانیان لەخەتەر دایە. مەعاشی ئەندازیارێك یان دکتۆرێك زیاترە لەوەی کە زانکۆی تەواو کردووە و بەڵام ئەو کارە ناکات، لە وڵاتێکی وەکو دانیمارك هەموو مووچەکان ئاشکرایە، کە لەسەرۆك کۆمارەوە هەتا دوایی دیاریکراوە و هەمووشی دەزانرێت. لە سەدا دەی دانیمارکی بێکارن، بەڵام کەس نایەت راپەڕین بکات و بڵێت بۆچی معاشی وەزیرێك ئەوەندەیە و منیش بێکارم، بەڵام یەك شت من لەگەڵی دام کە خەڵك گازندە بکات و قسەی لەسەر بکات، ئەویش ئەوەیە کە لەکاتێکدا وەزیرێك یان بەرپرسێك لە نەسریەی وەزارەتەکەی یان ئەو جێگەیەی تێیدا بەرپرسە بۆ بەرژەوەندی شەخسی و بۆ کەموکوڕییەکانی ماڵی خۆی بەکاری بێنێ، ئەوە ناعەدالەتییە و پێویستە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت. ئەگەر بەرپرسێك میزاج و عەتف و سەلاحییەتی خۆی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربێنێ و ئەوە ناعەدالەتییەکە و لە هیچ شوێنێك قبولێ ناکرێ. لە کوردستانیش بە بڕوای من تەقەبول ناکرێ. چونکە ئێستا عەولەمە لەناومانە و تاکەکان پێویستە خۆیان بگۆڕن و بەرپرسەکەش پێویستە خۆی بگۆڕێ و حزبەکانیش بەهەمان شێوە. ئەگەر وانەکەن لەناو کۆمەڵگە شوێنیان نابێتەوە، چونکە خەڵك چاویان کراوەتەوە و ئەم شتانە بەسەریاندا تێناپەڕێ. ئەگەر تاکەکان هەموویان بیانەوێ وەکو کوڕە وەزیرێك بژین هەرگیز ناتوانن.